# فۆبیای مەرگ

عومەر کەریم بەرزنجی

لەپشت ئەو دیوارانەوە
باخچەیەك هەیە
پڕە لە گوڵی لەزەت
پڕە لە پەپوولەی کوژراو
پەڕەسێلکەی سەرچڵی هەنارەکانی گومان
لەفڕیندا باڵەکانی هەڵدەوەریێت
ئەی ئاو
لەزەتی بوون لەبۆنی گوڵێکدایە
یان لەگەرووی کانیەکدا
کانیەك قرژاڵی یەئس لیێڵی کات
ئەی دڵ
ژیان ڕۆندکی خونچەیەکە
لەئینجانەی چاوی خومارێوە دەڕژیێ و
بەزەوییەکی حەرامدا رۆدەچیێ
رۆچوین لەعەردی لەزەتدا
ئەو شەوەی لەفۆبیای مەرگدا
کاژی نویێ بوونەوەمان دۆڕان
عیسا بەخاچیێکەوە
بەفرمیێسکەکانی مریەم
لیێوە وشك هەڵاتووەکانی تەڕکرد
قابیل لەبەردەك شمشیێری گوناهدا
سوجدەی بۆ ئەو بتانە دەبرد
کە لە دڵی حەواو
خوێنی هابیل و
رۆحی ئادەم ساز کرابوو.
خودایە لەم تەونی جاڵجاڵۆکەی مەرگەدا
ڕیێگاکانی تەهارەت چۆن بدۆزمەوە؟
خودایە. . لەم تەوقی ئاگری گومانەدا
دەسوتیێم.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت